# گوڵێ لە بەهاری گۆرانی کوردیدا



لە ناوەڕاستی مانگی ڕێبەندان لە ڕۆژێکی ساردی زستان دا لە قەزای خنسی سەر بە ئەرزەڕۆم لە باکوری کوردستان لە دایک بووە، دوو خوشک و سێ برای هەیە، بۆخۆشی بچووکترین منداڵی بنەماڵەکەیانە. ساڵی 2002 لە کێبەرکێی سترانبێژان دا کە 90 کەس بەربژار کرابوون لە کەناڵی مەد تیڤی بەڕێوەچوو پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە. دوای ئەوە کۆنسێرتی تایبەتی لە کوردستان، تورکیا، ئەمریکاو وڵاتانی ئەورووپادا سازکردووە، هەوڵی داوە بە هەمووو زاراوەکانی کوردی گۆرانی بچڕێ، ئەمەش ناوبانگی زیاتری پێداوە.

گوڵێ لە دیدارێکدا گوتویەتی کە سەرەتا بە گۆرانی **بەژنێ** ناسراوە، دواتر گۆرانیەکانی دیکەشی، بەتایبەتی کلیپەکانی ڕێزوخۆشەوستی گەورەتر کردۆتەوە.

گوڵێ ڕاشکاوانە دەڵێ: ئەم ڕۆژگارە گۆرانی بەبێ کلیپ جەستەی مردووە، بۆیە دەبێ سترانبێژانی کوردیش هەوڵبدەن کلیپی باش بۆ گۆرانیەکانی دروست بکەن، پەنا بردن بۆ دیمەن و ڕەفتاری نامۆ زیان بە گۆرانیبێژەکەو بە هونەری کوردیش دەگەیەنێ. من هەشت کلیپم کردووە کە شەش لەوان لە کوردستان وێنەیان لێهەڵگیراوەتەوە، من بۆخۆم چێژ لە کلیپ کردن وەردەگرم، چونکە ڕۆڵی ئەکتەریش دەنوێندرێ.

گوڵێ دوو ئەلبومی گۆرانی بڵاوکردۆتەوە، خۆیشی بۆ بەرهەمهێنانی سێیەمین ئەلبوم ئامادە دەکات.

گوڵێ ئاواتە خوازە کە ڕۆژێک بە ئازادانە لە شاری ئامەد کۆنسێرتێک بۆ خەڵکی تێکۆشەرەی شارەکە پێکبێنێ.

## دەرەو

**فرهمی سلێڤانی**



ئەگەر ئەزمان
ببا دەرمان
خوەگرێ ژانا ڕاستیێ؟!
دەرەو نەدمان
دزی نەدمان
دابین چرا ئازادیێ!
نەوەک ئەڤرۆ
خودان شیان
کاروخەبات وەک هەڤێ
ببەن دیلێ هۆڤێ نەزان
ڕەگەزپەرێسیێ لهێڤێ!

1999

# فوئاد شامار بۆ ڕۆژی گەل دەدوێ

فوئاد شاماری هونەرمەند سەبارەت بە ئاشنابوونی بە گۆرانی بە **ڕۆژی گەل**ی ڕاگەیاند :

من هەر لە منداڵیمەوە خولیای گۆرانی گوتن بووم، کاتێ لە پۆلی شەشی سەرەتای بووم، مامۆستاکەمان یادی بەخێر بێت کە بەڕێزی ناوی مامۆستا ئومێد بوو مامۆستای وەرزش بوو، تورکمان بوو، زۆر جاران پێش ئەوەی وەرزش بکەین منی هەڵدەستاندە بەردەم تەختەت پۆل و داوای گۆرانی مامۆستای بەڕێز کەریم کابانی لێ دەکردم، کاتێ گۆرانیەکەم دەگوت ئەوسا دەچووین وەزشمان دەکرد.

سەبارەت بە بەرهەمەکانی گوتی: تا ئێستا سێ بەرهەمم لەگەڵ تیپی شالاو بڵاوکردۆتەوە کە ساڵی 1987 تۆمارکراون، 10 بەرهەمم لە تاراوگە بڵاوکردۆتەوە لە وڵاتی سوید.

هەروەها سەبارەت بە ئاوازەکانی گوتی: برای بەڕێزم کاک دانا ئەمین بە دوو ئاواز هاوکاری کردووم، بۆیە زۆر دەستخۆشی لێدکەم، هەروەها هەشت ئاوازەکەی دیکەش خۆم دامناون. لە ڕووی مۆزیکیشەوە سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە هاوکاریان کردووم، ژمارەیان زۆرن بۆیە ناوەکانیان ناهێنم.



هەروەها لەڕووی هۆنراوە، کاک حەمەشوان شەریف زۆر هاوکاری کردووم، لەگەڵ برای بەڕێز کاک هەڵۆ کەرکوکی.

سەبارەت بە هونەری گۆرانی هاوچەرخ گوتی: هونەری گۆرانی کوردی لەم سەردەمەدا وەکو من بیبینم لەم ساڵانەی دواییدا زۆر پێشکەوتووە. چەندین بەرهەمی جوان پێشکەش بە گەلەکەمان کراون.

# ژاڵە ئەسفەهانی لە غوربەت ماڵئاوایی لەژیان دەکات

ژاڵە ئەسفەهانی شاعیری ناسراوی ئێرانی لەتەمەنی 86 کۆچی دوایی کرد.

هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە ڕۆژی هەینی 30-11-2007 ژاڵە ئەسفەهانی لە نەخۆشخانەیەکی شاری لەندەن دا ماڵئاوایی کە ژیان کردووەو کە ماوەیەکی درێژ بوو لە ئاوارەییدا بە نیگەرانیەوە چاوی لە گەرانەوەی وڵات بڕیبوو.



ژاڵە ئەسفەهانی هەشتاوشەش ساڵ لەمەوبەر لە شاری ئەسفەهان کە بەشاری هونەر ناسراوە چاوی بۆ ژیان کردبۆوە، یەکەمین بەرهەمی شیعری خۆی لەتەمەنی بیست و دوو ساڵیدا بە چاپ گەیاندبوو، ئەمەش بۆ ژنێکی کۆمەڵگەیەکی ئێران کارێکی شایستەو پڕ بایەخ بوو.

ژاڵە لەتەمەنی 25 ساڵیدا لەگەڵ هاوسەرەکەی کە لەلایەن ڕژێمی پادشاییەوە ڕاونرابوو بەرەو یەکێتی سۆڤیەت دەڕوات، لەوێ وێڕای شیعرو جیهانی وشە دەست خوێندن دەکات و بڕوانامەی دکتۆرا وەردەگرێ، پاش ڕووخانی شا دەگەڕێتەوە ئێران، بەڵام ماوەیەکی کەم دەمێنێتەوە، جارێکی دیکە بەرەو ئاوارەیی سەری خۆی هەڵدەگرێ.

ژاڵە لە ساڵی 1944 کۆمەڵە شیعرێکی خۆی بەناوی ( زند رود) لە مۆسکۆ چاپ و بڵاو دەکاتەوە، بەوهۆیەشەوە وەکو شاعیرێکی ناودار دەناسرێ و. دواتر بەرهەمەکانی ( ئەگەر هەزار قەڵەمم هەبێ، ئەلبوورزی لە شکان نەهاتوو، خرۆشی خامۆشی، سرودی جەنگەل، پەرواز، شەپۆل لە شەپۆل، باڵندەکانی کۆچەری) بڵاو دەکاتەوە.

زۆرێک لە لێکۆڵەران فاڵە ئەسفەهانیان وەک هۆنەرێکی هیوابەخش دەناساند، چونکە شیعرەکانی ژاڵە گیانی مرۆڤبوون و هیوا بە ژیانیان بە مرۆڤەکان دەبەخشی. ئەو کەسێک بوو باسی لە دەرو ئازارەکانی ژیان دەکرد بەڵام هەرگیز بەدەست بەچۆک دانەدەهات و خۆی بەوان نەدەسپارد، ئەو زۆر لێبڕاوانە هەوڵی دەدا گوڵە سیسەکانی ژیان ئاو بدات و زیندوویان بکاتەوە.

ژاڵە باوەڕی بە خۆڕاگری و بەرخۆدان هەبوو، تا سنووری پەرستن نیشتمانەکەی خۆی خۆشدەویست و بۆ یەکسانی مرۆڤەکان تێدەکۆشا.

# چیستایە هاوکاری لەگەڵ قوبادی دا دەکات

چیستایە سرەبی چیرۆک نووس و ڕەخنەگری ناوداری سینەمای ئێران فیلمنامەیەکی بۆ فیلمی داهاتووی بەهمەن قوبادی نووسیوە و بڕیارە بەهمەن قوبادی ئەو چیرووکە بکاتە فیلم.

چیستایە سرەبی لە مبارەیەوە ڕای گەیاندووە :" چیرۆکی فیلمەکە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە لە بارەی کوژرانی دوو منداڵ بە دەستی چوار لاو لە شاری شیراز. من پێم سەیر بوو چۆن چوارلاو ئەو دوو منداڵەیان لە شاری شیراز کوشت ، بەهمەن قوبادیش ئەو فیلمنامەیەی بە دڵ بوو و بڕیاریداوە بیکا بە فیلم، ناوی فیلمنامەکە (ڕاپۆرتی سێ قەتڵی لە پێش ڕاگەیاندراو )ە کە پێدەچێت بەهمەن قوبادی پاش خوێندنەوەی تێبینی لە سەر بێ و بە هاوکاری یەک هەندێ گۆرانکاری لە چیرۆکی فیلمنامەکە بکەین."

چیستایە سرەبی هەروەها وتویەتی:" پێشتر بە هاوکاری بەهمەن قوبادی چیرۆکێکی تەنزم نووسی کە بە هۆی دروستکردنی فیلمی نیوەی مانگ ئەو فیلمنامەیە بە ئەنجام نەگەیشت."

جێگەی ئاماژەیە کە بەهمەن قوبادی دەرهێنەری ناوداری کورد لە ڕێگەی بەرهەمەکانیەوە توانیویەتی هەم خۆی و هەم نەتەوەکەی بە جیهان بناسێنێ. بە فیلمی نیوەی مانگ و کاتێک بۆ مەستی ئەسپەکان و کیسەڵەکان دەفڕن ناوبانگی دەکردووە.



# دڵت لە کاغەزە بەرهەم دەهێنێ



خانمە هونەرمەندی لاو کاتیا لەگەڵ دەرهێنەر ئۆلیڤەر عجیل یەکەمین گۆرانی خۆی بەناوی دڵت لە کاغەزە تۆمار دەکات.

هەواڵەکان ڕایانگەیاند کە کاتیای دەنگخۆش بەهاوکاری کۆمپانیای ڕۆتانا هۆنراوەیەکی شاعیر نزار فەرەنسیسی کردۆتە گۆرانی و ڕەواد ڕەعد ئاوازی بۆدناوە، لەم دوایانەدا لە ستۆدیۆکانی ڕۆتانادا تۆمارکرداوەو لە شوێنی ناسراودا کلیپی بۆ کراوە.

دوای ئەوەی کاتیا لە بەرنامەی ستار ئەکادیمی بەشداری کرد، توانی جەماوەرێکی زۆر بەلای خۆیەوە ڕابکێشێ و وەک براوەی بەرنامەکە دەربکەوێ، ئێستا بەکردەوەش هەنگاوی هەڵێناوەتەوەو گۆرانی دڵت لە کاغەزەی تۆمارکردووە.

جێگەی ئاماژەیە کە کاتیای لاو بە تاسەوە هەوڵی داوە خۆی وەک هونەرمەندانی ئەستێرە باربهێنێ، لەهەنگاوەکانی بەراییدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە، ئێستا لەنێو تویژی گەنجاندا پێشوازی گەرمی لێدەکرێ.

دەرهێنەرانی ناوداری عەرەب پێیانوایە کە کاتیا داهاتوویێکی گەش چاوەڕوانی دەکات، بەڵام نازاندرێ کە ئایا دڵت لە کاغەزە ناوبانگی زیاتر دەکات یان بەرەو دواوەی دەگێڕێتەوە!

ئێستا هونەری گۆرانی گوتن و کلیپکردن لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بایەخ و گرنگی زۆی پێدەدرێ، بەوهۆیەشەوە هونەرمەندی ناودار دەردەکەون و دەناسرێن، هەرچەندە کە بەشێک لە مۆزیکزانان ئەو دیاردەیە بە ناراست دادنێن و ڕەتیشی دەکەنەوە.

# ڕێبوارانی دۆڵی هەنار خەڵاتی باشترین فیلمی دیکۆمێنتی بەدەست دێنێ

فیلمی "ڕێبوارانی دۆڵی هەنار لە دەرهێنانی دەرهێنەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەشکان ئەحمەدی، خەڵاتی باشترین فیلمی دیکۆمێنتی لە فیستیڤاڵی "فایک"ی پورتوگالی FIKE 2007ی بەدەست هێنا. ئەشکان ئەحمەدی ڕایگەیاندووە کە فیلمی ڕێبوارانی دۆڵی هەنار توانی خەڵاتی باشترین فیلمی دیکۆمێنتی لە فیستیڤاڵ فایک لە وڵاتی پورتوگال



بەدەست بێنێت.

ماوەی کورتە فیلمەکە11 خولەکە و سەبارەت بە ئافرەتێکە کە لە کارەساتی ئەنفال ڕزگاری بووە و بەنیازە پاشماوەی ئێسقانی کوڕەکانی لە سنوور بگوازێتەوە.

(ئەشکان ئەحمەدی) لە ساڵی 1974 لە شاری بانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دایک بووە و دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کرمانە.

ناوبراو تا ئێستا چوار کورتە فیلمی بەناوەکانی(مرۆڤەکان دوورن)،(ژنێک لە هۆزی تەم)، (دینگەی دارین)و(ڕێبوارانی دۆڵی هەنار)ی بەرهەم هێناوە. فیلمی ڕێبوارانی دۆڵی هەنار تا ئێستا چەند خەڵاتێکی بەدەست هێناوە لەوانەش، خەڵاتی چلە بەرِوی زێرِینی دووەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فیلمی هەولێر (2006) بەدەست هێناوە و ئەمساڵ خەڵاتی سەرەکی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فلیمی ئەڤین فیلم (2007)ی بەدەست هێناوە، جگە لە چەند خەڵاتێکی دیکە.

# نیکۆل کیدمەن و خەباتی ژنان

نیکۆل کیدمەن خانمە ئەکتەری هۆلیوود دەست دەداتە تێکۆشانێکی بەرین سەبارەت بە مافی ژنان. ناوبراو ژنێکی بەناوبانگ و ئەکتەرێکی سەرکەوتووی هۆلیوودە و خاوەن جوانیەکی سرووشتییە.

نیکۆل لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕای گەیاندووە کە دەیەوێت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بۆ ناساندنی و پاڵپشتی کردن لە مافی ژنان خەبات بکات.

شایانی باسە تاکو ئێستا بۆ ئەو مەبەستەی لە لایەن لایەنگرەکانیەوە پشتیوانییەکی زۆری لێ کراوە.

نیکۆل پێیوایە کە جوانیەکەی و ناوبانگەکەی دەتوانێ هاوکاری دەکەن تا ڕۆڵی کاریگەر لە پێشخستنی خەباتی مافی ژنان دەبینێ، چونکە ئەمە ڕێگەیەکی گونجاوە تا پیاوان واز لە توندو تیژی بهێنن و دەرفەتی یەکسان بۆ کچ و ژن و خوشکانی خۆیان برەخسێنن!


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

ئۆفیسی سلێمانی: گەڕەکی مشیراوا(ڕزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، ژمارەی تەلەفۆن 0532109256

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com

ئۆفیسی هەولێر: شەقامی ئاراس ، باڵاخانەی هیوا، نهۆمی سێ ، ژمارە 20، ژمارەی تەلەفۆن: 0662548589 ئۆفیسی کەرکوک : حەسیرەکە، بەرانبەر قەیسەری چواریاخ، ژمارەی تەلەفۆن 07701325080



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com